## با عبدالعزیزبوتفلیقه به‌ته‌نیا داوای بوردن نه‌كات! ... خالید هه‌ركی

له‌ هه‌نگاوێكی دره‌نگ وه‌خت و چاوه‌روانی یه‌كی درێژوه‌ختتدا، بوێرانه‌ كۆمه‌ لێك رۆشه‌نبیر ونوسه‌ری كورد یاداشت نامه‌ یه‌كیان ئیمزا كردوه‌ كه‌تیایدا داوایان له‌ سه‌رۆكی ئێستاو وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌وسای جه‌زائیر عبدالعزیز بوتفلیقه‌ كوردوه‌ تا داوای لێ بوردن له‌ گه‌لی كورد بكات به‌رامبه‌ر به‌و هه‌لوێسته‌ شه‌رمه‌زاری یه‌ی سالی 1975 نواندی له‌ به‌یه‌ك گه‌یاندنی شای گۆربه‌گۆری ئێران و سه‌دامی خوێن رێژكه‌ ئه‌نجامه‌كه‌ی مۆركردنی په‌یماننامه‌ی 6ی مارتی شوم و ره‌ش لێ كه‌وته‌وه‌ و بوه‌ هۆی له‌به‌ین چونی شۆرشی 11 ی ئه‌یلولی 1961 ناوبراو به‌ ئه‌ندازیاری ئه‌و رێككه‌وتنه‌ ده‌ژمێردرێت، شۆرشیك كه‌ هیواو ئومێدی ئه‌وسای میلله‌ ته‌ سته‌م دیده‌ كه‌مانبو، خوێن وبه‌رهه‌مى سه‌دان شه‌هیدی قاره‌ما ن بوو.

ئه‌م هه‌لویسته‌ی ئه‌م كۆمه‌له‌ رۆشه‌نبیره‌ ئه‌گه‌ر له‌ دره‌نگ وه‌ختانێك له‌دایك بوو، به‌لام سور بونی توێژێك له‌ سه‌ر داواكردنی به‌شێك له‌ مافه‌ خوراوه‌كانی میلله‌ت له‌گه‌ل ئه‌وه‌ی هه‌لوێست وه‌رگرتنێكی جوامێرانه‌ یه‌ له‌ هه‌مان كاتیشدا زه‌نگێكه‌ بۆ دوژمنان ومافه‌ زه‌وتكه‌رانی دونیا تا جارێكی تر دیكتاتۆرێكی تر زاتی ئه‌وه‌ نه‌كات یاری به‌ پیرۆزمه‌ندی و مافه‌ ره‌واكانی میلله‌ته‌ كه‌مانه‌ وه‌ بكات، زه‌نگێك بێت تادوژمنان ئیتر ئه‌وه‌ بزانن كه‌ ئه‌ورۆژه‌ به‌ سه‌ر چو كه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندی ته‌سكی گیرفان وله‌ بێ ویژدانێتی خۆیان پێ په‌ستی كیانی میلله‌تێك بكه‌ن كه‌ خاوه‌نی مێژو وكه‌لتوری تایبه‌تیی خۆی بێ زه‌نگێك بێ بۆ دوژمنه‌ ده‌به‌نگ ونه‌فامه‌كان تا له‌ ئه‌قلیه‌تی ئه‌وه‌ ده‌رچن كه‌ هه‌موشتێك به‌ شایسته‌ی خۆیان بزانن و هیچیش به‌ شایسته‌ی ده‌رو دراوسێ نه‌زانن.

من له‌ یادی 29 ساله‌ی ئه‌م كاره‌ساته‌ دا ووتارێكم له‌ مالپه‌ری كوردستان نێت له‌ رۆژی 8-3-2004 له‌ژێر ناوی شه‌شی مارت ی شوم و ره‌ش دا بلاكردوه‌، هانده‌ری نوسینه‌كه‌م بێ ئاگایی میلله‌ت و بێده‌نگی رۆشنبیرانی میلله‌ته‌كه‌م بو له‌ ئاست ئه‌م كاره‌ساته‌دا كه‌ جگه‌له‌ چه‌ند مالپه‌رێك ده‌نا له‌ هیچ هۆكارێكی تری راگه‌یاندنه‌كانما مافی ئه‌م رۆژه‌ نه‌درابو، مه‌ترسی ئه‌وه‌م ده‌كرد بێده‌نگیه‌كه‌مان له‌ ئاست ئه‌م كاره‌ساتانه‌ نه‌وه‌كانمان ئه‌م رۆژانه‌ فه‌رامۆش وبێ نرخ راگرن كه‌ ئه‌لبه‌ت تاونه‌كه‌شی به‌شێكی زۆری ده‌كه‌وێته‌ ئه‌ستۆی ئێمه‌.

هۆكاری سه‌ره‌كیی نوسینه‌كه‌م هۆكارێك بو كه‌ ده‌كرێ ئه‌وانه‌ی ئیمرۆ یاداشتیان له‌سه‌ر عبدالعزیز بوتفلیقه‌ ئاماده‌ كردوه‌ دوقسه‌ش له‌سه‌ر هه‌لوێستی ئه‌م براده‌ره‌ بكه‌ن كه‌ من ئه‌وسا له‌ هه‌مان نوسینم دا لێی دواو كه‌ كرۆك وهه‌وێن و هانده‌ری نوسینه‌كی ئه‌وسام بو، ئه‌و كه‌سیش نوێنه‌ری كوردبو له‌ حكومه‌تی دوای روخانی رژێمی سه‌دام و ئازاد بونی هه‌تاهه‌تایی كوردی كوردستانی باشورئه‌ویش وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق وشیار زێباری بو كه‌ چه‌ند رۆژێك به‌ر له‌م یاده‌ به‌ نوێنه‌رایه‌تیی گه‌لی عێراق كه‌ كوردیش به‌ به‌ شێك له‌وگه‌له‌ دانرا، له‌ سه‌ردانێكی فه‌رمی ده‌چێته‌ جه‌زائیرله‌جیاتی ئه‌وه‌ی ناوه‌رۆكی ئه‌و یاداشته‌ ئه‌وكات بگۆترابا كاكی وه‌زیر و نوێنه‌ری كوردم ده‌فه‌روێ ده‌لێ:من هاتوم تا جه‌نابی سه‌رۆك نه‌بینم ناگه‌رێمه‌وه‌ (دیاره‌ له‌كاتی سه‌ردانه‌كه‌یدا جه‌نابی سه‌رۆك له‌ فه‌ره‌نسا بو) من هاتوم تاله‌ نزیكه‌وه‌ گوێم له‌ فه‌رمایشته‌كانی جه‌نابی سه‌رۆك بێت چونكه‌ ئامۆژگاریه‌ كانی ئه‌و بۆ ئێمه‌ گه‌لێك گرنگ و به‌نرخن. ئه‌و لێدوانه‌ی جه‌نابی وه‌زیر بۆمن بزمارێك بو له‌ سینه‌ی كوتام دلو جه‌رگی به‌یه‌كه‌وه‌ كون له‌ت كرد م، وای ورووژاندم كه‌ خۆم پێرانه‌گیرا.

منیش لێره‌دا وێرای ده‌ست خۆشی له‌ برا نوسه‌رو وشیارو بوێره‌كانی میلله‌ته‌كه‌م، ده‌لێم من ئیمزا وقسه‌ی خۆمم ئه‌وسا كرد و باجی خۆشم دواتر دا، ئێوه‌ش خێرتان پێده‌گا براده‌رو هاوبیرانی عبدالعزیز بوتفلیقه‌ له‌ بوتفلیقه‌ جیامه‌كه‌نه‌وه‌ داوا له‌ هه‌مویان بكه‌ن با به‌یه‌كه‌وه‌ داوای لێ بوردن له‌ كورد بكه‌ن چونكه‌ هه‌لوێستی هیچیان له‌ ویتر كه‌متر نیه‌، میلله‌تی كوردیش به‌ یه‌ك چاو سه‌یری دوژمن و هاوه‌لو هاوكاران و نۆكه‌رانی ده‌كات.

06-01-28

www. serben. com
khalidherki@chello. nl